# ئێمە بەشێکین لە خاک



سەرخێڵ سیاتڵ

**((جوانترین وتار دەربارەی جوانترین شتێک کە هەمانە))**

(( سەرخێڵە گەورەکەی واشنتن پەیامێکی بۆ ناردووین و پێشنیاری کردووە و حەز دەکات خاکەکەمان لێبکرێت. هەروەها ئەو سەرخێڵە گەورەیە، دڵنیایی کردووین، کە مەبەستی دۆستانەیە لەگەڵماندا. ئەمە پیاوەتییە لەوەوە! چونکە ئێمە دەزانین ئەو هیچ پێویستی بە دۆستایەتی ئێمە نییە. هەرچۆنێک بێت، ئێمە بیرێک لە پێشنیارەکەی دەکەینەوە، هەرچەندە دەزانین ئەگەر قبووڵی نەکەین ئەوا (( پیاوە سپییەکە)) بە زەبری تفەنگ خاکەکەمان داگیر دەکات.

با سەرعێلە گەورەکەی واشنتن لە قسەکانی سەرعێل سیاتڵ (Seattles) دڵنیابێت و باوەڕیان پێبکات! هەروەک چۆن ئەو برا سپیانەمان باوەڕ بە گۆڕانی وەرزەکانی ساڵ دەکەن. قسەکانم وەکو ڕۆژێ عەیانن! چۆن مرۆ دەتوانێت ئاسمان بکرێت، یان بفرۆشێت؟!

ئەمجۆرە بیرکردنەوەیە، بۆ ئێمە زۆر نامۆیە. ئێمە خاوەنی پاکژیی هەوا، یان خورەی ئاو، نین. ئەوجا ئیتر چۆن دەتوانێت لێمان بکرێت؟ ئێمە تەنیا لەم سەردەمەی خۆماندا بڕیار دەدەین!

ئەم خاکە هەمووی پیرۆزە لای خەڵکەکەم. گشت ئەو تووترکانە، هەرچی دانەی زیخ هەیە! هەموو ئەمانە لە هۆش و ناخی خەڵکەکەمدا پیرۆزن! ئەو شیرەیەی لە قەدی درەختەکاندا دێت و دەچێت، ئەوە یادوەری و هۆشمەندیی(( پیاوە سوورەکەیە))!

مردووەکانت، چیدی نە خۆت و نە خاکەکەشتیان خۆش ناوێت. لە گۆڕەکانیان دێنەدەر، سەرگەردان

دەڕۆن و لە ئەستێرانیش تێپەڕ دەکەن! ئیدی لەبیر دەکرێن و چیدی ناگەڕێنەوە! مردووەکانی ئێمە هەرگیز ئەو دنیا جوانە لەبیر ناکەن، کە بوونی پێبەخشین .

ئێمە بەشێکین لە خاک و خاکیش بەشێکە لە ئێمە. ئەو گوڵە بۆنخۆشانە گشتیان خوشکمانن ! ئاسک، بازی گەورە، ئەسپ. هەموو برامانن.

شاخەکان، تەڕایی گیا، گەرمیی لەشی (پۆنی)* و مرۆڤیش هەمووی لەیەک سەرچاوەوە دێن!

بەڵێ کاتێک ئەو سەرعێلە گەورەیەی واشنتن ڕادەگەیەنێت، کە دەیەوێت خاکەکەمان لێبکڕێت، بێگومان داوایەکی سەختمان لێدەکات.

ئەو سەرعێلە گەورەیە قەولی داوینێ، جێگایەکمان بۆ دابین بکات بۆ خۆمان بە ئاسوودەیی تێیدا بژین.

ئەو دەبێت بە باوکمان و ئێمەش دەکات بەکوڕی خۆی!

بەڵام بەمزووانە پیاوەسپییەکە بە لێشاو بەرەو ئەم ناوەدێت. مینا ڕووبار، لە دوای لێزمەبارانی ناوەخت، چۆن بەخوڕ دێت!

نەخێر، ئێمە هەرگیز خزم نەبووین و لە یەک بەرەبابیش نین. منداڵەکانمان پێکەوە گەمە ناکەن و پیرەکانیشمان هەمان چیرۆک و سەرگوزەشتە ناگێڕنەوە.

ئێمە پێشنیارەکەتان باش هەڵدەسەنگێنین، بەڵام کارێکی ئاسان نییە بۆمان، چونکە ئەم خاکەمان لەلا پیرۆزە!

ئاوی چەم و ڕووبارەکان تەنیا ئاو نین، بەڵکو خوێنی باوانمانن.

ئەگەر ئەم زەوییەمان پێفرۆشتن، دەبێت بزانن، کە پیرۆزە و منداڵەکانیشتان فێر بکەن لەلایان پیرۆز بێت.

خوڕەی ئاو، دەنگی باووباپیرانمان و ڕووبارەکان برامانن. تینوویێتیمان دەشکێنن و ژیان بە ساواکانمان دەبەخشن.

ئەگەر ئێمە زەوییەکەی خۆمان پێفرۆشتن، بیرتان نەچێت و منداڵەکانیشتان فێربکەن، کە ڕووبارەکان برامانن و برای ئێوەشن؛ جا دەبێت ئێوەش هەستێکی برایانەتان بەرانبەر ڕووبار هەبێت!

پیاوەسوورەکە هەردەم لەبەر هێرشی پیاوە سپییەکەدا کشاوەتەوە، مینا تەمی کازیوە لە بەردەم گزنگی بەیاندا دەڕەوێتەوە و دەکشێتەوە. بەڵام ئێسک و پروسکی باپیرانمان و گۆڕەکانیان بۆ ئێمە پیرۆزن.

ئێمە دەزانین پیاوەسپییەکە لەمە تێناگات! هەموو پارچە زەوییەک بۆ ئەو هەر یەکە. بۆ ئەوێک، کە بێگانە ئاسا دێت و هەرچی بوویێت لەزەوی دەدزێت و دەڕوات. دەی جا کەوابێت، زەوی دایکی ئەو نییە، بەڵکو دوژمنیەتی!

هەر کاتێکیش تەواو کاولی کرد و هەرچی تێدابوو بە تاڵانی برد، سووک و ئاسان جێیدێڵێت!

ئەو تەنانەت گۆڕی باوانیشی جێدەهێڵێت و هیچیش هەستی بریندار نابێت!

ئەو زەوی لە منداڵەکانی خۆی دەدزێت!
ئەو نەک هەر گۆڕی باوانی، بەڵکو لانکەی ساوا نەوزادەکەشی* لەبیردەکات!
ئەو لە دایە زەوی و کاکە ئاسمان، وەک شمەک دەنواڕێت. وەک کاڵایەک چاویان لێدەکات، کە دەکرێت بیکرێت و بیفرۆشریت!
وەکو تفاق چاویان لێدەکات، کە دەشێت مرۆڤ بیاندزێت و بە تاڵانیان بەرێت.
چاوچنۆکیی ئەم پیاوە سپییە وا دەکات، ڕۆژێک لەبری ئەم هەموو دارستانانە، تەنیا بیابانی کاکی بەکاکی بەجێبمێنێت!
دیدی ئێمە جیاوازە!
شارەکانیان لە سەرئێشەیەک بەولاوە، بۆ ئێمە چیدیکە نییە!
ڕەنگە ئەمە لەبەرئەوەبێت، کە پیاوە سوورەکە نەزانە و هیچ تێناگات!
وەلێ لەڕاستیدا هیچ ئاسوودەییەک لە شاری پیاوەسپییەکەدا نییە! لە شاری پیاوەسپییەکەدا جێگایەک شکنابەیت، کە مرۆڤ لە بەهاراندا گوێی لە هاژەی گەڵای درەخت، یان لە سیرەی باڵی مێرووبێت!
غەڵبەغەڵبی ناو ئەم شارانە هارەیەکە و گوێم کپ دەکات.
ئەرێ بەهای ژیان چییە، ئەگەر مرۆڤ گوێی لە دەنگی سروشت نەبێت؟!
ئەی ژیان تامی چییە، ئەگەر گوێت لە قیرەی بۆق نەبێت، کە لە گوێ چەم و گۆماوان شەوانە ڕاز و نیاز بۆ یەکدی دەکەن!
پیاوە سوورەکە شەیدای بینینی وردەشەپۆلی نەرمەبایە، کە بەئەسپایی لە ڕووی گۆماو دەدات! شەیدای نەسیمی پڕ بۆنی دارسەرووە، کە دوای نمە بارانی نیوەڕوان هەڵدەکات!
ئەم هەوایە بۆ پیاوەسوورەکە و گشت زیندەوەرێک زۆر بەنرخە؛ بۆ درەخت، بۆ مرۆڤ.
بەڵام مەخابن! پیاوەسپییەکە، مینا پیاوێکی مردوو، بێ هەست و سۆز، هیچ نرخێک بۆ ئەو هەوایە دانانێت، کە هەڵیدەمژێت.
لێ ئەگەر خاکەکەمان دانێ؛ بیرتان نەچێت، کە هەوا دۆستێکی ئازیزمانە و گیانی خۆی لەگەڵ گشت زیندەوەرەکان، بەشکردووە.
هەر ئەم هەوایە، یەکەم هەناسەی دا بە باپیرانمان و لە ئاویلکەشدا* دواهەناسەی لێسەندنەوە. هەر هەوایە گیان بە ساواکانمان دەبەخشێت!
ئەگەر بڕیارمدا خاکەکەمتان بدمێ، ئەوا مەرجێکم هەیە، ئەویش ئەوەیە کە پیاوەسپییەکە دەبێت لەگەڵ هەرچی زیندەوەرەکان هەیە، وەک برای خۆی ڕەفتاربکات!
من پیاوێکی دەشتەکیم، وەلێ بڕوا ناکەم هیچ ڕاستییەک لەمە ڕوونتر بێت!
من بە هەزاران لاشەی ڕزیووی گامێشەکێوییەکانم بینی لەو دەشتانە کەوتبوون، دوای ئەوەی پیاوە

سپییەکە لە شەمەندەفەرەکانیانەوە تەقەیان لێ کردبوون و کوشتبوویانن.
من پیاوێکی دەشتەکیم، بەڵام تێناگەم چۆن ئەسپەئاسنینە* لەو گامێشە نازدارانە بەنرخترە؟! ئێمە تەنیا بۆ ئەوەی لەبرسدا نەمرین ڕاویان دەکەین.
پێمناڵێیت مرۆڤ بەتەنیا و بەبێ زیندەوەرەکانی دیکە چییە؟!
ئەگەر هەموو زیندەوەرەکانی دیکە نەمان، ئەوجا مرۆ بەتەنیا گیانی دەردەچێت!
ئەی چۆن! گشتی پێکەوە پەیوەستە.
هەرچی بەسەر زەوی بێت، ئەوا بەسەر نەوەکانیشی دێت!
ئێوە پێویستە فێری منداڵەکانتان بکەن، کە ئەو زەوییەی وا لەژێر پاياندا ئێسک و پروسکی باوانمانە، بۆیە دەبێت ڕێزی بگرن.
منداڵەکانتان دەبێت بزانن، کە زەوی بەگیانی باپیرانمان بەپیت بووە.
وەکو چۆن ئێمە منداڵەکانمان فێر کردووە، ئێوەش ئاوها فێریان بکەن، کە زەوی دایکمانە و هەرچی بەسەر زەوی بێت بەسەر ئێمەی نەوەی زەویش دێت.
ئەگەر مرۆڤ تف لەزەوی بکات، ئەوا بێ شک تف لەخۆی دەکات!
ئێمە چاک دەزانین مرۆڤ خودانێن زەوی نییە و زەوی خاوەنی مرۆڤە. گشت شتەکان پێکەوە بەند و تێکەڵاون، وەک چۆن خوێنی خێزان و خێڵ و عەشرەتێک تێکەڵاون.
مرۆڤ ژیانی تەون نەکردووە، بەڵکو خۆی تاڵێکە لەو تەونە و هەرتاڵێکی ئەو تەونە بقرتێنێت ئەوا بێ شک ژیانی خۆی دەقرتێنێت!
جەنابی سەرخێڵ، پێشنیارەکەت خاس دێتەبەرچاو!
لەوبڕوایەدام خێڵەکەم ڕازی دەبن و دەچنە ئەو ئۆردووگایەی، کە بۆت دیاری کردووین. لەوێ بەبێ قرە و هەرا دەژین. ئیتر گرنگ نییە، کە باقی ڕۆژانی ژیانمان لە کوێ بەسەر بەرین، هەرچەندە بڕواش ناکەم ئەو ڕۆژانە زۆریش بن! ڕەنگە چەند مانگێک، چەند زستانێک بن!
منداڵەکانی ئێمە دیتیان، چۆن باوانیان سەریان شۆڕکرد و شەڕوانەکانیان تەسلیم بوون و لەشی خۆیان بە خواردنی شیرین و خواردنەوەی توند* ژەهراوی کرد. دیتیان، کە تەنانەت گیانە مەزنەکەش نەیتوانی شتاقی ئەو خێڵ و خەڵکەی، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان لەم دەڤەرە فراوان و بەرینەدا دەژیان و بڵاوببوونەوە، بپارێزێت؛ تا گەر بۆ جارێکیش بێت؛ بێنەوە سەرگۆڕی باوانیان و شینیان بۆ بگێڕن. ئەو باووباپیرانەمان، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان لە خەڵک و خێڵەکەی جەنابت کارامەتر بوون.
بەڵام بۆ دەبێت من شیوەن بۆ چارەڕەشی خێڵەکەم بگێڕم، کاتێک ، کە خێڵ لەدوای خێڵ و گەل لەدوای گەل، هەروەکو شەپۆلی ئاو دێن و دەڕۆن.
خودا دەستەڵاتی پێبەخشێون و بەسەر زیندەور و دارستان و پیاوەسوورەکەشدا زاڵیکردوون!

هۆیەکەی چییە؟!

ئێمە نایزانین و تێناگەین!

ڕەنگە تێبگەین، ئەگەر بزانین پیاوە سپییەکە خەون بە چییەوە دەبینێت. گەر بزانین چی بۆ منداڵەکانی ئاواتەخوازە و شەوانی درێژی زستان چۆن مێشکی خۆی ئاودەدات و هیوا و ئاواتی سبەینێی چین؟!

بەڵام ئێمە دەشتەکین و خەونەکانی پیاوەسپییەکەش بۆ ئێمە مەتەڵن. کاتێکیش کە مەتەڵ و نهێنی بن بۆمان، ئێمە بەڕێی خۆمان و ئەویش بە ڕێی خۆی. ئێمە ڕێز بۆ هەرکەسێک قایلین، کە خۆی چۆن دەیەوێت، وابژی.

کاتێک، کە دوا پیاوی سوور نەما و یادگارەکانی بوون بە سێبەری ئەو پەڵە هەورانەی بەسەر دەشت و مێرگەکاندا دەگەڕێن، ئەوسا گیانی خێڵکەم هەر لە قووڵایی دارستانەکاندا دەژی. چونکە ئێمە ئەم خاکەمان زۆر خوش دەوێت و ئاشناییین، مینا کۆرپەیەک، چۆن ئاشنای ترپەی دڵی دایکیەتی!

ئەگەر ئێمە ئەم خاکەمان پێفرۆشتن، خۆشتان بوویێت، وەکو چۆن ئێمە خۆشمان ویست. بیپارێزن، وەکو چۆن ئێمە پاراستوومانە. لە بیرتان نەچێت، کە ئەو خاکە چۆن بوو کاتێک دەستتان بەسەردا گرت. بە هەموو هێزتەوە بیپارێزە بۆ منداڵەکانت.

لە دڵەوە خۆشت بوویێت، وەکو چۆن خواوەند هەموومانی خۆش دەوێت!

شتێکی دیکە هەیە، ئێمە دەیزانین و ڕەنگە پیاوەسپییەکەش ڕۆژێک بێت بیزانێت؛ ئەویش ئەوەیە، کە خوای ئێمە و خوای ئێوە هەر یەکە. بەڵام تۆ پێت وایە دەتوانیت ئەویش بکەیتە موڵکی خۆت. وەک چۆن ئێستا دەتەوێت ئەم زەوییەی ئێمە بکەیتە موڵکی خۆت. بەڵام مخابن، هەرگیز ناتوانیت! چونکە ئەو خوای گشت مرۆڤێکە و وەکو یەک بۆ هەمووان میهرەبانە!

زەوی بەنرخە لەلای ئەو. کاولکردنی ئەم زەوییە بێ حورمەتیکردنە بەوا!

ڕەنگە ڕۆژی لەناوچوونی هەندێک دوور کەوتبێتەوە، بەڵام بۆ کوێ دەچن هەر دێت؟!

دەشێت لەگەڵ ئەو هەموو جیاوازییەشدا ببین بە برا!

کێ چوزانێت!؟

بەردەوام بە لە پیسکردنی جێگاکەتدا. هاکا شەوێک نوقمی پاشەڕۆی خۆت بوویت!

کاتێک هەرچی گامێش هەیە کوژرا؛ چی ڕەوە ئەسپی کێوی هەیەماڵی کرا؛ چی دارستانی پڕ نهێنی هەیە بەدەستی مرۆڤ بۆگەن کرا و گشت ئەو دەشت و دەرە بەپیت و بەرەکەتە بە ژنانی زۆر بڵێ و چەنەباز داپۆشرا(؟) ئیدی دەپرسیت:

- کوان ئەو دەشت و مێرگانە؟

- نەمان!

- کوان هەڵۆ و باز؟

- نەمان!

- ئیتر ئەوە کۆتایی ژیان و وادەی دەور و تەسلیمە!



فرانکلین پیرێس (1804 – 1869)

سەرۆکی ئەمریکا (1853- 1857)

ڕاڤەی هەندێک وشە:

* پۆنی: جۆرە ئەسپێکی گرگن و بچووکە.
* نەوزاد: تازە لەدایکبوو.
* ئاویلکە: سەرەمەرگ
* ئەسپە ئاسنینە: مەبەستی شەمەندەفەرە.
* خواردنەوەی توند: مەبەستی ئەلکهول، یان شەرابە

کریستۆفەر کۆلۆمبوس دەربارەی هیندییە سوورەکان دەڵێت:

(( ئەگەر داوای هەرشتێکیان لێبکەیت هەرگیز ناڵێن نا، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەرچییەکیان هەبێت لەگەڵتدا بەشیدەکەن. ))

ساڵی 1992 دا 500 ساڵ بەسەر گەشتەکەی کۆلۆمبۆسدا بۆ ئەمریکا تێپەڕی.

٥٠٠ ساڵ، چەوساندنەوە و تێکدانی هەموو بنەما شارستانییەکانی هیندییەسوورەکان و داگیرکردنی خاک و دزینی سامانیان. ئەمانەیان هەموو لەژێر ناوی دین و شارستانیەتدا دژ بەو مرۆڤگەلە کرد. هەر

به بۆنەی ئەو یادەوە گەلێک ڕاپۆرت و لێکۆڵینەوە لەسەر ژیانی هیندییە سوورەکان بڵاوکرایەوە لە یەکێک لەو ڕاپۆرتانەدا هاتبوو، کە لەکاتی چوونی کۆڵۆمبۆسەوە، تا سەرەتای 1990، نزیکەی 60 ملیۆن هیندی بە دەستی ئەوروپاییەکان و لە ئەنجامی ئەو کێشانەی ئەوان بۆیان دروستکردوون، کوژراون.

ساڵی 1854 دا، فرانکلین پێرس، سەر بە پارتی دیموکرات سەرۆکی هەرێمە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو. چالاکانە شەڕی دژی مەکسیک دەستپێکرد و لە ناوخۆشدا ویستی بەتەواوی دەست بەسەر هەموو ئەو ناوچانەدا بگرێت، کە هیندییەسوورەکانی تێدا دەژیان. بۆ ئەم مەبەستە، پێشنارێکی نارد بۆ سەرخێڵێکی هیندی کە ناوی Seattles بوو، سەرکۆمار پێشنیاری کردبوو، خاکەکەیان لێبکڕێت و سەرخێڵەکەش بەم نامەیە - وتارە، وەڵامی دەداتەوە.

دەقی ئەم نامەیە- وتارە لەکتێبی (ئێمە بەشێکین لە خاک) وەرگیراوە.

Vi er en del av jorden

کردوویە بە نەرویجی Terje Myklebust

پێشەکی بۆ نووسیوە لەلایەن بنکەی چاپەمەنی: Petter Nome

Ex Libris, Forlag AS, 1991

Postboks 2130 Grunerlokka

0505 Oslo

کەریم مستەفا، کردویە بە کوردی.

ئەم بابەتە لە (مانگنامەی) پەیام، ژمارە 11 ، ساڵی 1998 ، لەندەن. بڵاوکراوەتەوە.

# هەندێک پرسیار

- ئایا مرۆڤ بەشێکە لە خاک؟

- ئەم دیدی تێکەڵبوونەی خاک و زیندەوەران، هەر بەتەنها لەکن هندیيەسوورەکانە، یان لە ئاینەکانیشدا هەمان دید و بۆچوون هەیە؟

(لە هەر سێ ئاینی جولەکە، مەسیحی و ئیسلامدا، باس لەوە دەکرێت، کە گشت مرۆڤەکان لە ئادەمن و ئادەمیش لە خۆڵ دروستکراوە.)

- لە کاتی ناشتنی کەسێکی مەسیحی ئایندا، قەشە دەڵێت:

(( لە خۆڵەوە هاتوویت و دەبیتەوە بە خۆڵ ))

- بەگوێرەی زانستی بایۆلۆجی، لەشی مرۆڤ نزیکەی ( ٦٠% ) ی ئاو- شلەیە، ئەی بۆچی ناڵێن مرۆڤ لە ئاو دروستبووە؟

- قەشە بۆ ناڵێت: (( لە ئاوەوە هاتویت و دەبیتەوە بە ئاو )) ؟

- کاتێک، پیاوە سوورەکە، ئەسپ، باز، ڕووبار، و گوڵ و ئاسمان، وەک خوشک و برا و زوەی وەک دایک ناودەبات. ئایا لەو بڕوایەوە هاتوە، کە گشت هەبووەکان، لە یەک سەرچاوە هاتوون؟

- کوشتنی گامێشەکان وماڵیکردنی ئەسپە کێوییەکان و بڕینەوەی درەختەکان و شێواندن و پیسکردنی سروشت بەگشتی، مایەی نیگەرانیە لەکن سەخێڵە هندییەکە. ئایا ئەم نیگەرانییە هەر لەکن هیندییە سوورەکان هەیە، یان لە ئاین و بڕوا و لەکن گروپی دیکەش هەیە؟

- سەرخێڵەکە دەڵێت(( هیچ ئاسودەییەک لە شاری پیاوە سپییەکەدا نیە؟)) ئەمە مانای وایە، کە خەڵکی لە شاری مۆدێرندا هیچ ئاسودەییەکیان نیە و تەنانەت ((غەڵبەغەڵب)) یش (( گوێیان کەڕ ناکات)). ئایا شار مرۆڤ بێ هەست، یان دەبەنگ دەکات؟

گەر هەمان پرسیار بە جۆرێکی دیکە بکەین.

- ئایا، پیاوە سورەکە، مەبەستی ئەوەیە، کە دژە شارستانییە، یان بۆ نزیکی خۆی لە سروشتەوە ئەم گوزارشتەی کردوە؟